# هونەرمەند بڵند عەبدوڵڵا: هەر کەسێك لەو بڕوایـ



بڵند عەبدوڵـڵا یەکێکە لەو هونەرمەندە ئەستێرە گەنجەکانی کورد کە ستایلێکی تایبەتی بۆخۆی هەڵبژاردووە و جۆرێك لە نوێگەری لە هونەری کوردی داهێناوە و هەموو لایەك شایەدی ئەوە دەدەن و بەڵگەش ئەو ژمارە زۆرە لە هەوادارانی دەنگی بڵندە، بڵند عەبدوڵـڵا ماوەیەکە لە هەولێرە، بۆیە بە پێویستمان زانی لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەن تاکو هەندێك لەو قسەو باسانەی ئێستا دەربارەی دەکرێن بۆ خوێنەران روون بکاتەوە.

*** ماوەیەکە بێدەنگی، هەست ناکەی کە غەدرێك لە هەوادارانت دەکەی؟**

- ئەو کاتە غەدر لە جەماوەر دەکەم، کە بڕیار بدەم واز لەهونەر و دنیای مۆسیقا و گۆرانی بێنم.

*** پێش چەند ساڵێك کۆنسێرتێکت لە کوردستان کرد و سەرکەوتنێکی باشت بەدەستهێنا، بەنیاز نیت کۆنسێرتی تر بکەی؟**

- تا سیدیەکەم بڵاو نەبێتەوە گۆرانی و ئاوازەکان ئاشنا نەبن بەجەماوەر، بیر لە ئەنجامدانی کۆنسێرت ناکەمەوە.

*** ئێستا دوو رای جیا هەیە لەبارەی کۆپیکردن، هەندێك لە هونەرمەندان دەڵێن مافمان خوراوە لەبەر دیاردەی کۆپی، هەندێکی تریش دیاردەی کۆپی بە دیاردەیەکی ئاسایی دادەنێن. دەتوانین بڵێین بڵند لەگەڵ کام رادایە؟**

- دیاردەی کۆپی کردن کارێکی ئاسایی نییە. بەپێچەوانەوە! ئەمە دزییەکی ئاشکرایە لە ئێمە دەکرێت. وەك ئەوە وایە کە تۆ باڵەخانەیەك دروست بکەی کۆمەڵە کەسێکیش بێت دەستی بەسەر دابگرێت و داگیری بکات. بە ئازادی تیادا بژیت تۆش سەیری بکەی. لە هەموو وڵاتێکی جیهاندا ئەم کێشەیە هەیە، بەڵام هەر هەموویان هەوڵیانداوە رزگاریان بێت لەم کێشەیە لەرێگەی سزادانی کۆمەڵێك کەسان و ماڵپەری داگرتن و گۆرانی و مۆسیقا.

*** بەرای تۆ میوزیك و گۆرانی لە ئێستادا پێویستی بەگۆڕانکاری هەیە؟**

- بەرای من کە ئاستی کوالێتی مۆسیقا ئەمڕۆ زۆرباشە، بەڵام هەژاری هەیە لە دابەشکردن و لە ئاواز و تێکست. بەس بەگشتی گەشبینم و باوەڕم وایە بەرەو ئاستێکی باشتر دەڕوات.

*** ئایا هونەری گۆرانی و میوزیك پێویستی بە سانسۆر هەیە؟**

- نەخێر، دنیای هونەری کارێکی ئازادە هەر کەسێك سەربەستە کاری تیادا بکات، بەڵام بیرمان نەچێت کەس ناتوانێت بەزۆری یاخود بەهێزی پارە دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێتە ناو ناخ و دەروونی خەڵك. دەرئەنجام خەڵك بڕیار دەدا ئایا ئەمە گۆرانیبێژە و لەم گۆڕەپانە گەورەیەی هونەریە جێگەی دەبێتەوە یان نا.

*** بڵند عەبدوڵڵا قەت مافی تێکست نووسی خواردووە؟**

-نەخێر ئەگەر هەر کەسێکیش لەو بڕوایەدایە کە من مافم

# ـــەدایە کە من مافم خواردبێت ئەوا دەرگای دادگا والایە

خواردبێـــت ئـــەوا دەرگای دادگا والایە با لە دادگا مافی خۆی لە من وەربگرێتەوە، ئەگەر راســـت بێت ؟! من بە دڵنیاییەکی تەواوەوە ئەو قسەیە دەکەم.

*** گوایـــە تـــۆو هونەرمەند ئـــەردەلان بەکر پێوەندیتان نەبوو، بەڵام کاتێك ئەردەلان نەخۆش کەوت ئاشت بوونەوە، ئەمە تاچەند راستە؟**

- بەڵی زۆر راست بوو ئێستا ویژدانم ئاسوودەیە کە چووم بۆلای سەردانم کرد و کۆمەڵێك قسەی خۆش و یادەوەری جارانمـــان گێڕایەوە. هەزار رەحمەت لەگیانی پاکی ئەردەڵان، هەرچەندە بە جەستە لەنێومان نییە، بەڵام هەمیشە لەگەڵمان دایە لەژیانـــی رۆژانەی خۆشەویســـتەکانی ئاگادارە. بۆیە پێی دەڵێم ئارام و دڵ خۆش بە، چونکە هەموو خەڵك بیری قســـە خۆشەکانت دەکات.

*** گۆرانییەکت ئامادە کرد لەسەر خۆسووتاندنی ئافـــرەت، ئەم گۆرانییە دووجـــار کلیپی بۆکرا هۆکارەکەی چی بوو؟**

- چونکە بنەماڵەی کچەی ئەکتەری کلیپەکە هەڕەشەیان لە من و ئەو کرد کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك قبوڵیان نییە کچەکەیان لە تەلەفزیۆن دەرچێـــت، کێشـــەکە ئەوەبوو کە لە ســـەرەتا کۆمەڵێـــك لە ئەندامانی بنەماڵەکە رازی بوون پێیان ئاسایی بوو، بەڵام پاشان هەندێکی تریان نـــاڕەزای بوون، چونکە دەیانـــوت ئەگەر بێتو کچەکەمان لە تیڤییەکان دەربچێت، ئەوا سەری دەبڕین، پڕۆژەکەی منیـــش دژی توندوتیژی ئافرەت بـــوو کەچی رەنگە ببامە هۆکارێك بۆ لەناو بردنی ئەم ئافرەتە، بۆیە بڕیارمدا دووبارە شتێکی تازە بکەمەوە لەگەڵ ستافێکی نوێ.

*** تاچەند راستە جەنابت بایکۆتی کوردساتت کرد گوایە چیتـــر گۆرانییەکانت دانەبەزێنن، هۆی بڵاوبوونەوەی کلیپێکت چی بوو؟**

- راســـتە زۆر دڵگران بووم کە لە کوردســـات کلیپی (مەیسووتێنە) رەتکرایەوە گوایە ئەمە لە خانەی هونەر نییە و کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە، منیش چونکە ئەوەندە هیلاك ببووم بە دەســـت ئەم گۆرانییـــە و کلیپەکەی زۆر تەئیســـری لێکردم کە لە کوردســـات بەمشێوەیە مامەڵەیان لەگەڵ کردم، بەڵام ئەوان هەر بەردەوام بوون لە دابەزاندنـــی گۆرانییەکانم و داوای لێبوردنیان کرد. منیش دڵم زۆر گەورەترە لەوە و ئێستا ئەم کێشەیە نەماوە.

***لەگەڵ( ئاوامێدیکا) گرێبەســـتت کردووە، بەنیـــاز نیت هەر بەردەوام لەکوردســـتان بمێنی دوای گرێبەستەکەشت؟**

-من لە مانگـــی (دە)وە گرێبەســـتم کردووە وەك بەرپرســـی بەرهەمـــەکان واتە " Pro-uct Manager" و زۆر مورتاحـــم لێرە، چونکە شـــوێنەکە زۆر گونجاوە و دەتوانم ئەو ئەزموونـــەی لە ســـوید بە دەســـتمهێناوە لێرە پەیڕەوی بکەم، پرۆفیســـۆر بارام رەسوڵ دوای 32 ساڵ لە سویدە، بۆ یەکەم جار لە مێژووی هەرچوار پارچەی کوردستان ئەم کارگەیەی دروستکردنی دەرمانی دامەزراندووە، بەڕاستی جێگەی فەخرە.

*** رەوشی کوردستان چۆن دەبینی بەتایبەت لە رووی تەندروستی دەرمانەوە؟**

- کارەســـاتە، من هیچ ناڵێـــم، بەڵام خۆتان شـــەوێك بچن بۆ یەکێك لە نەخۆشخانەکان و خۆتان سەیر کەن رەوشەکە چۆنە.

***دەکرێـــت بزانین بۆچی تاکو ئێســـتا بڵند ژیانی هاوسەری پێکنەهێناوە؟**

- بـــە قورســـترین و گەورەتریـــن هەنگاوی پرۆژەکانـــی ژیانی دەزانـــم، بۆیە دەبێ زۆر بەوردی و وریاییەوە دۆستی ژیانم هەڵبژێرم

*** بۆچی بەردەوام بڵند بەبێ قژ دەبینرێت؟**

- من لە ســـەرەتاوە ئاوا بووم بەو شـــێوەیە و سەلیقەیە دەرکەوتم و خەڵك منی ناسی، بۆیە هەر وا دەبێ بەردەوام بم.





# کیژانی سلێمانی خەریکی خۆئامادەکردنن بۆوەرزی تازە

گرووپی کیژانی سلێمانی لەساڵی ٢٠٠٣ دامەزراوە پێکهاتوون لەکۆمەڵێك کچی بەتوانا لە بواری گۆرانی و مۆسیقادا، .ئێستا خەریکی ئامادەکردنی چەند گۆرانیەکن بۆ وەرزی تازە.

لەم بارەیەوە سەرپەرشتیاری گروپەکە مامۆستا ئەنوەرقەرداغی لە لێدوانێکی تایبەت بە گوڵان وتی: ئێستا خەریکی ئامادەکردنی چەند گۆرانیەکین بۆ وەرزی تازە .کە بەستایلی هەمەجۆر ئامادەیان دەکەین وبە نیازین لە داهاتوو بیان کەین بەسیدی.ئەم بەرهەمەش لە(١٠)گۆرانی پێك هاتووە جگە لە هەندی بەرهەمی تایبەت .

قەرداغی ئاماژەی بەوەشدا،بەنیازن چەند کۆنسێرتێکیتن شارەکانی کوردستان بیکەین،هەروەها ئەگەر هاوکاریشمان بکرێت چەند داوەتێکمان بۆهاتووە.



شایەنی گوتنی ماوەیەك بەر لە ئێستا گروپی کیژانی سلێمانی کۆنسێرتێکیان لە شاری سۆران ساز کرد کە بووە مایەی رەزامەندی هەوادارنی هونەری رەسەنی کوردی

# ئیما ستۆن باشترین ئەکتەری کۆمیدییە



کچە ئەکتەری ئەمریکی ئیما ستۆن خەڵاتی باشترین ئەکتەری کۆمیدی بەدەستهێنا لەچوارچێوەی ئاهەنگی دابەشکردنی خەڵاتەکانی خولی شازدەهەمی (هەڵبژاردنی رەخنەگران) کە لە لۆس ئەنجلۆس ئەنجامدرا.

ئیما ستۆن بە رۆڵە کۆمێدییەکانی توانیویەتی سەرنجی بینەر و رەخنەگرانی سینەمایی بۆ لای خۆی رابکێشێت، هەر بۆیە ئەو فیلمانەی بەشداریی تێدا کردووە، هەمیشە سەرکەوتنی بەرچاویان بەدەستهێناوە.

## دۆمینیک:
# هەڵەی زۆرم کردووە، بەڵام پەشیمان نیم

گۆرانیبێژی لوبنانی دۆمینیك حۆرانی دان بەوە دادەنێت کە هەڵەی زۆری کردووە لە ژیانی هونەری و تایبەتی خۆی.

دۆمینیك کە بە یەکێك لە گۆرانیبێژە سەرنجڕاکێشەکانی لوبنان ناسراوە و زۆر جاریش بە خۆ رووتکردنەوە و نموونەیەکی خراپ تۆمەتبار دەکرێت، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی ئیلاف دەڵێت: کاتێك هونەرمەند پێدەنێتە نێو بواری هونەری زۆر شارەزای هەموو نهێنی و فرتوفێڵەکان نییە، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات شت فێر دەبێت و پەند وەردەگرێت، من یەکێك بووم لەوانەی لە سەرەتاوە زۆر هەڵەم کرد و هێشتا بە تەواوی کەسایەتی خۆم نەناسیبوو، بۆیە ئاساییە ئەگەر هەڵەشم کردبێت، چونکە ئێستا بارودۆخەکە جیاوازە و باش دەزانم شتی باش و خراپ جیا بکەمەوە.

دۆمینیك هەروەها وتی: راستە هەڵەم کردووە، بەڵام پەشیمان نیم و ترسی ئەوەشم کچەکەم کە گەورە دەبێت رەفتارەکانی من کاریگەرییان بەسەرییەوە هەبێت، چونکە کارێکی وام نەکردووە ببێتە مایەی شەرم بۆ کچەکەم.

# شەهلا جاف :یادگاری خۆشم لەگەڵ ڕەنگی سپی هەیە



شـــەهلا جاف یەکێکە لەبێژەرە جوان و ئێسک ســـوکەکانی زاگرۆس تیڤی .شـــەهلا ماوەی شەشـــە ســـاڵە لەبواری ڕاگەیاندن کار دەکات وەك و تیڤـــی و ڕادیۆ و ڕۆژنامەوانی .زۆریش خۆشحاڵە ماوەی شەش ساڵە لەزاگرۆس تیڤی دەردەچێت، ئێستاش پێشکەش کاری بەرنامەی نوچەی چاوازە .

لە لێدوانێکـــدا بەگوڵانی وت « ڕاگەیاندن ناوبانگی پێبەخشـــیوم و هەروەها زۆر شتیشی لێسەندومەتەوەو وك دوورکەوتنەوە لەخزم و کەس و کارم کـــە ناتوانم ســـەردانیان بکەم . هەروەها زۆر سەرســـامی ئۆپێرایەو حەز دەکات توانای وەکو ئۆپێرا بێت و بگاتە ئاســـتی، بەڵام دەڵێت نابم بەئۆپێرا چونکە هەرکەسەو کەسایەتی خۆی جیایە .

سەبارەت بەکاروباری ناوماڵەوە شەهلا وتی: لەگەڵ کاروباری ناماڵ باشم بە هەموو کاریك رادەگـــەم و ئافرەتێکی تەمبەڵ نیم . شـــەهلا زۆر حەز لە ڕەنگی( شـــین و ســـەوز) دەکات، دەڵێت ماوەی ساڵێکیشـــە زۆر حەز لە ڕەنگی ســـپی دەکەم، چونکە یادگاری خۆشم لەگەڵ هەیە .شـــەهلا ئەوەش دەخاتە ڕوو کە زۆر ڕقی لەمکیاژ کردنە.




# ڤانیساش دەست دەخاتە نێو سیاسەت

کچە گۆرانیبێژی فەرەنسی ڤانیسا بارادی بڕیاریدا ئاهەنگێکی تایبەتـــی خـــۆی ڕەت بکاتەوە کـــە بە نیاز بوو بـــۆ یەکەم جار لە فەلەستین ئەنجامی بدات.

قسەکەرێك بەناوی ڤانیســـا لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند ڤانیسا بڕیاریـــداوە ئاهەنگەکەی تەل ئەبیب رەت بکاتـــەوە، ئەمەش لەبەر چەند هۆکارێکی تایبەت، کە لە دەسەڵاتی خۆیدا نین، شایەنی وتنە هەڵمەتی (پی دی ئێس فرانس) مانگی رابردوو نامەیەکی ئاراستەی ڤانیسا کردبوو و لە نامەکەدا داوای لێکردبوو کە سەردانی ئیسرائیل نەکات تاکو ئیســـرائیل ئـــەو ئەرکە نێودەوڵەتیانـــەی لەســـەریەتی جێبەجێ نەکات بەتایبەتی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەســـتینی و ئیعتیراف کردن بە گشـــت مافەکانی فەلەستینییەکان.





# تیریژ هەر چوار پارچەی کوردستان کۆ دەکاتەوە

بەم دواییانەی هونەرمەندی رۆژهەڵاتی کوردستان تیریژ ئورمی نوێترین بەرهەمی خۆی بڵاو کردەوە بەناوی (لۆری جان) کە لە ژمارەیەك گۆرانی نوێ پێکهاتووە بە زاراوەکانی کرمانجی سەروو و خواروو، تیریژ سەبارەت بەم بەرهەمە نوێیە و دواکەوتنی و چەند بابەتێکی دیکە بەم شێوەیە بۆ گوڵان هاتە دوان.

### هۆکاری تەکنیکی (لۆری جان)ی دواخست

سەرەتا سەبارەت بە دواکەوتنی بەرهەمی نوێی خۆی هونەرمەند تیریژ ئورمی وتی: لۆری جان پرۆژەی سێ ساڵ بەر لە ئێستایە، بەڵام لەبەر هۆکاری تەکنیکی دواکەوت، لەوانەش نەبوونی کۆمپانیایەك بۆ ئەوەی ئەم بەرهەمە هەر لە تۆمارکردنی دەنگەوە تا ستۆدیۆ و مۆسیقا و ریکلام و بڵاوکردنەوە لە ئەستۆی خۆی بگرێت، بۆیە ناچار بووم ئەم بەرهەمە بە خەرجی تایبەتی خۆم ئامادە بکەم، دوای ئەوەی خەرجییەکی زۆرم کرد و بەرهەمەکەم تۆمار کردووە گرفتی دووەم کە هاتە سەر رێگەم بریتی بوو لە چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکە، وەستاندنی بەشی بڵاوکردنەوەی بەرهەم لە کۆمپانیاکانی کۆرەك و چوارچرا گرفتێکی دیکەی بۆ من و زۆر لە هونەرمەندانی دیکەش دروستکرد، بەڵام دواتر بۆ بڵاوکردنەوەی رێکەوتم لەگەڵ ئارت کۆمپانی و بەرهەمەکەم لە باشوور و باکوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا و لە دەرەوەی کوردستان و رووسیاش بڵاو کرایەوە.

### لە لۆری جان رازیم

سەبارەت بە بوونی جیاوازی لەنێوان ئەم بەرهەمە و کاری بەرهەمەکانی تری هونەرمەند تیریژ دەڵێ: ئەم بەرهەمە لە ١٢ تراك پێکهاتووە ١٠ یان بە کرمانجین و ٢ یان بە شێوەزاری سۆرانین، هەموو ئاوازەکان و ٩ هۆنراوەش هی خۆمە هۆنراوەیەك من و شەعبان سلێمان دامانناوە و دووانیان هۆنراوەی ئەکرەم ئەمین هەولێری و شالاو نەسردینە، لۆری جان دەرئەنجامی بەرهەمی پێشووترمە بە ناوی (ئەز کیمە) کە لە رێگەی کۆمپانیای چوارچرا بڵاوکرایەوە، کە بۆ من چەند دەستکەوتێکی لەخۆ دەگرت لەوانە بیروبۆچوونی و تێروانین و تێبینییەکانی خەڵك بوو لەسەری، ئەمەش دەرگەی بۆ من واڵا کرد کە چۆن لە داهاتوودا کارێك ئەنجام بدەم باشتر بێت و بەپێی ویست و ئارەزووی ئەو کەسانە بێت کە حەز لە دەنگی من دەکەن، یاخود لە ئاست خواستی خەڵك بێت بە گشتی، هەروەها هەوڵمداوە (لۆری جان) ببێتە بەرهەمێك لەسەر ئاستی کوردستان بە گشتی، بۆیە ناچاربووم بیر لە هەموو لایەنێك بکەمەوە و لەسەر چەند بابەتێکم دابەش کرد( نەتەوەیی، مرۆڤایەتی، ئازادی، ژیان، ئەڤینداری) کە لەنێو هەموو ئەمانەدا هەوڵمداوە بە دڵسۆزییەوە کار بکەم واتە گۆرانییەکە خزمەتێکی راست و دروستی هەموو ئەم بوارانە بکات بۆ ئەوەی جەماوەر حەز لە جەوهەری گۆرانییەکان بکات.

بۆ ئەوەی (لۆری جان) لە باکووری کوردستان سەرکەوتوو بێت هەوڵمداوە رەنگدانەوەی ژیانی خەڵکی باکوور بێت، ئەویش لە گۆرانییەکانی (ئامەد، حەسکیف، گولێ) بە تەواوی هەستی پێدەکرێت، هەروەها بۆ ئەوەی لە رۆژهەڵاتی کوردستانی سەرکەوتوو بێت گۆرانییەکانی (ئورمیە، تو رۆژی) بەجۆرێکە کە ببێتە مایە سەرنجی دانیشتوانی ئەم پارچەیە، سەبارەت بە باشووریش دوو گۆرانی ئەلبوومی (لۆری جان) بە شێوەزاری سۆرانییە، هەروەها هەوڵمداوە لەو گۆرانییانە هەر لە تۆمارکردنی دەنگ و ئەدای گۆرانییەکانیشدا بەشێوەیەك بێت کە بتوانین خزمەتێکی زاراوەی سۆرانی بکەم، ئەمە بە گشتی بناغەی دارشتنی ئەلبوومی (لۆری جان) بوو، لەلایەکی دیکەوە هەوڵمدا لە ئەلبوومی (ئەز کیمە) پرۆفیشناڵ تر بێت، واتە رێکوپێکتر و ئەکادیمی تر بێت لە هەموویشی گرنگتر زانستی تر بێت لە بواری هونەری و مۆسیقا، جگە لەمە من سەرکەوتن و پێشوازی کردنی جەماوەر لەم بەرهەمە لەو رەخنە و تێبینی و سەرنجانەوە دەبینم کە ئاراستەم دەکرێت و ئایا ئەو ئامانجە بەدەست دەهێنێت یان نا؟

بە گشتی من زۆر لەو بەرهەمە رازیم و لەو باوەڕەدام توانیومە سەرکەوتوو بووم بە هەڵبژاردنی ئەو گۆرانیانە، هەروەها هۆنراوەکان بە فەلسەفەیەکی زۆر قوڵ نووسراونەتەوە کە خەڵك بە هزر و بیرێکی زانستی لە هۆنراوەکان بروانێت، من لەم بەرهەمە رازیم و هەست دەکەم شتێکی نوێ و تایبەتم پێشکەش کردووە، هیوادارم بتوانم بە کلیپ کردنی گۆرانییەکانی ئەم بەرهەمە و چەند کۆنسێرتێك زیاتر مەبەستی راستەقینەی خۆم لەم بەرهەمە رابگەیەنم و جەماوەری لێی ئاگادار بن.

### لە داهاتوودا چاوەڕێی گۆرانی کلاسیك بن

دەربارەی ستایلی تایبەتی خۆی و سوود وەرگرتن لە هۆنراوە کلاسیکییەکان، تیریژ دەڵێ: زۆرجار ئەم پرسیارەم ئاراستە کراوە، من چەند شیعری کلاسیکی شاعیران(ئەحمەدی خانی، نالی، مەحوی، حاجی قادر، سەیدا جگەرخوێن) خوێندوونەتەوە، بەڵام وەك گۆرانی نەموتووە، هیوادارم لە ئەلبوومەکانی داهاتوومدا شیعری ئەو شاعیرانەش شوێنیان هەبێت و لەبەر سەنگ و قورسایی ئەم شاعیر و شیعرە کلاسیکیانە گرنگییەکی زۆریان پێدەدەم.

### کۆپی کردن تاوانە

سەبارەت بە کۆپی کردنی بەرهەمی هونەرمەندان بەتایبەتی کە هەندێك کەس پێیانوایە ئاساییە بەرهەم کۆپی بکرێت، هونەرمەند تیریژ ئورمی دەڵێت: من بە هەموو شێوەیەك دژی ئەو بیرۆکەیەم کە هەندێك کەس پێیانوایە ئاساییە کە سیدی کۆپی بکرێت، چونکە بەرهەم تەنیا مافی گۆرانیبێژ نییە، بەڵکو گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەن و شاعیر و ئەندازیاری دەنگ، دابەشکردنی، دیزاینەری سیدی، فۆتۆگرافەر، بەرهەمهێنەر و میکسەر، ئەو کەسەی کە بڵاوی دەکاتەوە و شار بە شار و گوند بە گوند بۆ شوێنە دوورەکان دەیگوازێتەوە و چەندان کەسی دیکەش مافیان لە بەرهەمی هونەریدا هەیە، لە سەرووی هەموویشیان مافی ئەو هونەرمەندەی کە هەموو کاتی خۆی تەرخان کردووە بۆ بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی هونەری.

من داوا لە هەوادارانی هونەر و دەنگی خۆم دەکەم خۆیان لە کۆپی کردنی بەرهەمەکەی من بە دوور بگرن، بۆیە دەڵێم کۆپی کردن کارێکی نۆرماڵ نییە، بەڵکو بگرە جۆرێکە لە بەد رەوشتی بەرامبەر بە هونەر دەکرێت، لەوانەیە کەسانێك بیروبۆچوونی جیاوازیان هەبێت، بەڵام من دەڵێم با ئەو رۆژە بێت ئێمە لەسەر خاکی نیشتمانی خۆمان رێز لە ئەرك و ماندووبوونی خۆمان بگرین نەك تەنیا لە بواری گۆرانی، بەڵکو لە ئاواز و هۆنراوە و نووسین بۆ ئەوەی بتوانن ئەوانیش نوێنەرایەتی ئەم خاك و و لات و گەلە بکەن و بە جیهانی دەرەوەی بگەیەنن، چونکە ئەمانە هەموویان وەك زنجیرێکی نەپچراو بە یەکەوە بەستراون، ئەگەر ئێمە رێز لە هونەرمەند و زانا و شاعیر و ئەدیبانی خۆمان نەگرین، دڵنیام دووچاری هەڵەی زۆر زۆر گەورە دەبینەوە و ئەنجامەکەیشی باش نابێت.

لە کۆتاییشدا سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە یارمەتیدەری ماددی و مەعنەوی من بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە وەك بەرێوەبەرایەتی رۆشنبیری دهۆك و چەندین کەسی دیکە کە حەز ناکەن ناویان بهێنم.

